# كچانی ئارابخا گیتار دەژەنن

عەلی نارێنی

کەلار

alinarini@yahoo.com

كچانی ئارابخا گیتار دەژەنن

كچانی ئارابخا

گیتاری رۆحم دەژەنن

هەموو بەهارە وەختێ

بەهار ئەو دەمەی

بە خۆی وتریفەو جوانییەوە

بە خۆی وشنەو عیشقەوە

بە خۆی وگیاوگوڵ وجریوەو پاكییەوە

دێت وبوون پڕ دەكات لە جوانی

ئەوانیش بە خۆیان وجوانی وحەسرەتیانەوە

دەبنە ئاوەدانی ئارابخا

دەبنە گوڵاڵەی مێرغوزاری خەیاڵم و..

من وئارابخاش پڕ دەكەن

لە ژیان ولە عیشق

بە خۆیان وباوەشی پڕ لە تاسەیانەوە

دێن ودەبنە دەشتێك لە نیگا

دەبنە وەرزێك لە گۆرانی ...

دەندووك دەدەن لە گیانم و...

رۆحم دەژەنن

منیش لە بەر تریفەی جوانیاندا

لە بەر گڕی حەسرەتیاندا

**دەتوێمەوەو دەبمە دەشتێك لە شیعر**

× × ×

**کچانی ئارابخا گیتار دەژەنن**

**بە چاوی پڕ لە پرسیارو**

**بە دەستی هەمیشە ماندوویانەوە**

**لەو سەری رۆژەوە وەستاون و....**

**دەبینم مەڵۆی ئاوات دەنێنەوە..!!**

**لەو سەری شەوەوە دانیشتون و....**

**دەبینم دەسارِی چاوەڕوانی دەیانهاڕێ..!!**

**کێ وەکو ئەوان باڵای ئارامی بەرزەو**

**کێ وەکو ئەوان سنگی گۆرانی فراوان؟**

**ئەوەتانێ کە هەر کاتێ**

**سەردەکێشمە هەوارەکەی شێخ رەزاو**

**دەست لە ناو دەست لە گەل شیعرێکی ئەسیریدا**

**پیاسەیەکی ئەو کوچەو کۆڵانانە دەکەم**

**ئەبینم بروسکەی سەبورییەك**

**دەیانهێنێتە بەر دەرگاو**

**دەبینم هەر بە دوو چاوی پڕ لە پرسیار**

**رۆحم دەژەنن و....**

**ژیان دەژەنن و.......**

**خۆزگە دەژەنن و.....**

**گەش دەبنەوەو.....ئاڵ دەچنەوە**

× × ×

کچانی ئارابخا پڕن لە گۆرانی خنکاوو

هەموو سپێدانێك

کە خۆر تیشکی ئاوریشمینی خۆی

دەگرێتە سنگ وبەرۆکی شار

دەچنە سەر لەپی چاوەڕوانی و...

پەلکی جوانی دەهۆننەوەو

تریقە..........تریق

بە مێژوویەك پێدەکەنن

کە باڵای لە ئاشووبە و..

لە خوێنەو..

لە مەرگەسات.

کچانی ئارابخا

پڕن لە خەونی نەزۆك و..

هەموو بۆلێلاَنێك

کە شەو تریفەی تاریکی خۆی

دەگرێتە باوەشی شار

دەچنە سەر لەپی ئومێدو..

پەلکی تەنیایی دەهۆننەوەو

قولاَپ...........قولاَپ

بۆ ئایندەیەك دەگرین

کە باڵای لە چاوەڕوانییەو..

لە ترسەو..

لە گەورەبوون.

هەمیشە ژیان

لە بەر پێیاندا

**ئاوسە بە خەمێکی گەورەو..**

**هەمیشە ئینجانەی چارەنوسی ئەو گوڵانە**

**بەتاڵە لە ڕەنگەکان**

× × ×

**کچانی ئارابخا دەناسم**

**ئەوانن سپی وساکار**

**بە سەرنجێك**

**وەکو ئۆخژن دەڕژێنە گیانی ماندوومەوە**

**ئەوانن هەمێشە وەکو ئازار**

**بە هەنسکێك**

**دەڕژێنە کۆشی برینمەوە**

**گەرمەسێر پێدەشتی مەراقەو..**

**ئەوانیش**

**کارمامزی ئازارن ولەم مەراقەدا دەژین**

**گەرمەسێر پێدەشتی ژیانەو...**

**ئەوانیش**

**گوڵەمێلاقەی ئەوینن و..**

**هەموو ڕۆژێ هەزاران جار**

**دێنە ماڵی شیعرم و**

**دێنە نیگاو بینینمەوە**

**گەرمەسێر لانکەی ئەوینەو..**

**ئەوانیش**

**هەموویان دڵدارمن**

**هەموویان مەرجانی شیعرو...**

**ڤیبلەنومای ئەڤین و..**

**هەوێنی خەوبینین و..**

**خاڵی دەستپێکی ئازارمن**

**هەر ئەوانیشن**

**وەکو هەموو پیرۆزییەك**

**مانا دەدەن بە ژیانم**

**هەر ئەوانیشن ئەوان**

**هیزی قاقای پێکەنین و...**

**خەم وهەنسك وگریانم**

**کچانی ئارابخا دەناسم**

**نامۆ نین بە شیعرم و.....**

**نامۆنین بە خەیاڵم**

**من هەمیشە**

**وەك کتێبەکەی بەر دەستم دەیانخوێنمەوە**

**خەمیان،**

**خەونیان،**

**حەزیان،**

**حەسرەتیان دەخوێنمەوە**

**هەموو شەوێ**

**تا ئەوان پەلکی خەیاڵێکم نەدەنێ**

**خەو ناکەمە چاوی شیعرم!!**

**تا ئەوان دانەی هەناری خۆزگەیەك**

**نەگوشنە زارمەوە**

**پێکی برینێك هەڵنادەم!!**

**تا ئەوان هەنسکێك نەخەنە گەروومەوە**

**کەف وکوڵی قەڵەمەکەم رۆناکەم!!**

ئەوەتانێ بێدارم و...

خەمێك دڵم دەگوشێ و..

رۆحیشم

بەسەر نوكی پەنجەكانی ئەوانەوە

هاتۆتە جۆش

من پڕم لە سۆزی نیشتمان وئەوانیش

دەستی گەرمیان

تریفەی خەنەی ئازادی لێهەڵدەستێ و

چاویشیان فرمێسكی نیگەرانی.

× × ×

كچانی ئارابخا گیتار دەژەنن

لە سەر پەنجەرەی عیشق و..

لە سەر پەنجەرەی مێژوو

قەتارەكانی مەردان و..

نارە ناری زیندەگی دەخوێنن

بە كراسی ئاودامانی ئارامەوە

دێنە بەر ئاوێنەی گیان و..

قژی جوانی دادەهێنن

كتێبن وپڕن لە شەرحی مەحاڵ

شیعرن وپڕن لە تریفەی خەیاڵ

دەستێكیان بەرچنەی سێوەكانی سۆزەو...

دەستێكیشان پڕە لە چركەكانی ژیان

ئای كچانی خاك سوتاوو...

دڵ سوتاوو...

بەش سوتاو..

چەند جوانن و چەندە شەوانی درێژی ئارابخاش

**کڵۆی جوانیتان دەکروژێ؟**

**چەند عاشقن و....**

**چەندە شەوانی بێدەنگی ئارابخاش**

**پەتی ئارامیتان درێژتر رادەکێشێ!!**